
سەرۆکی حەکیم سەردانی سلێمانی دەکات و چاوی بە بافل تاڵەبانی دەکەوێت و گرنگی دیالۆگ و سەقامگیری و پاراستنی مافی عیراقییەکان دووپات دەکاتەوە



لەدەستپێکی سەردانەکەی بۆ پارێزگای سلێمانی بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاویکەوت بە بەڕێز بافل تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت و لەم دیدارە باسی پێشهاتی سیاسی عێراق و ناوچەکە و شایستە داهاتووەکان کرا.

لەم چاوپێکەوتنە سەرۆکی حەکیم پیرۆزبایی لە خەڵکانی شاری هەڵەبجە کرد بەبۆنەی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەژماركردنی وەك پارێزگایەکی عێراقی تازە، هیواشی خواست ئەو بڕیارە خزمەتێکی گەورە بە ئەو شارە بدێ بەهێنێت کە پێشر مەینەتی زۆری چێشتوە و قوربانی زۆری داوە.

سەرۆکی حەکیم گرنگی پارستنی ئەو سەقامگیرییەی لە ولات هەیە بە گرنگی وەسف کرد بە ئەوەی کار لەسەر ئەوە بکرێت ببێتە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی و چەسپاو. بە ئەوەش بڕپرسیارێتی خستە ئەستۆی سەرجەم هێزە سیاسییەکان و کەمڵایەتییەکان تا ئەو ڕادەیە باشتر بکەن.
هەروەها داوای کرد گفتوگۆی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان و جێختیشی لەسەر پابەندبوون بە دەستوور و تەنازول کردن بۆ بڕژەوەندی گشتی وەك بنەمایەکی جێگیر کردەوە بۆ گفتوگۆکان و دووپاتی کردەوە کە پێویستە مافی فەرمانبەران و جوتیاران لە هەموو عێراق پارێزراو بێت.
لەووی ناوچەکە، سەرۆکی حەکیم قەناعەتی خۆی بە گرنگی گفتوگۆیە بەردەوامکان لێنوان کەماری ئیسلامی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەربڕی و ئاماژەی کرد کە عیراق زۆر پالپشتی ئەو جۆرە گفتوگۆیانە دەکات و جێختی کردەوە لەسەر سەقامگیری سووریا و زەمانەتی بشداری کردنی هەموو پێکهاتەکانی گەلی سووریا لە دیاریکردنی چارەنووسی ولاتی خۆیان.